# پاڵنەر و لێکەوتەکانی "غەزای کنتاکی" لە بەغدا

**د. یاسین تەها**، پسپۆڕ لە مێژووی ئایینزا ئیسلامییەکان و شارەزا لە کاروباری عێراق

پاش ماوەیەك لە ئۆقرەیی ئەمنی و تا ڕاددەیەك سیاسی، ژمارەیەك براند و مارکێت و شوێنکاری پەیوەست بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بریتانیا لە پایتەختی عێراق کرانە ئامانج. ئەم پێشهاتە نوێیە کە کۆتا زنجیرەی گرژییەکانی عێراقە، ڕەهەندی سیاسی و ئابووری و پاڵنەر و لە هەمان کاتدا لێکەوتەی جۆراوجۆریشی هەیە. ئەم شرۆڤەیە هەوڵ دەدات تیشك بخاتە سەر وردەکارییەکانی ئەو دۆسیەیە.

### سروشتی شوێنە بەئامانجگیراوەکان

لە سەرەتای ئەم مانگەوە (حوزەیرانی 2024) براند و خواردنگە ئەمریکییەکان لە شەقامی فەڵەستین و گەڕەکی جادرییەی بەغدای پایتەختی عێراق، ڕووبەڕووی چەند هێرش و پەلامارێك بوونەوە و وێنە و گرتە ڤیدیۆییەکانیشیان لە سەکۆکانی سۆشیال میدیا نمایش کران[1]. بەپێی ئەو زانیارییانەیشی بڵاو کراونەتەوە، هێرشەکان زیاتر چەند چێشتخانە و کافێیەکی گرتووەتەوە، لەوانەیش: "کنتاکی"، "فرێد چیکن"، "چیلی هاوس"، "لایز" و "چۆکلێت بار". ئەم خواردنگانەیش بە شێوازی ئەمریکی و ڕۆژاوایی کار دەکەن و خواردن پێشکەش بە کڕیارەکانیان دەکەن؛ لەنێو ئەمانەیشدا "کنتاکی" و "پیتزا هت" ڕاستەوخۆ سەر بە گرووپی "ئەمریکانا"ن کە خاوەنی ئیمتیازی ئەم براندەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا[2]. جگە لەوانەیش هێرشەکان پەلی کێشا بۆ کۆمپانیا و پەیمانگە پەروەردەییە ئەمریکی و بریتانییەکان (کاتربلەر و کامبریدج)[3]. لە هەندێك ڕووماڵی میدیاییشدا هێرشەکان بە "غەزای کنتاکی" ناسێنران[4]؛ ئەمەیش وەك جۆرێك لە گاڵتەکردن و ناڕەزاییدەربڕین لەو هێرشانەی زیانی بۆ ئاسایش و وێنەی عێراق هەیە.

لە بەرامبەریشدا بەرگریکارەکانی پێیان وایە هێرشەکان کاردانەوەیەکی خۆڕسکانەیە دژ بە سیاسەتی ئەمریکا لە پشتیوانیکردنی ڕەهای ئیسرائیل لە جەنگی غەززە؛ ئەمە لە کاتێکدا بەپێی لێدوانی کۆمەڵەی چێشتخانەکانی عێراق، مەرج نییە ئەو خواردنگە و شوێنکارانە ئەمریکی بن؛ هەیانە ئوردنییە، لەوانەیش "چیلی هاوس" کە تەنانەت لقێکی لە شاری "ڕامەڵڵا"ی پایتەختی دەسەڵاتداریتیی فەڵەستینی هەیە و بەبێ کێشە لەوێ کار دەکات، تەنیا ئەوە هەیە کە سەرەتا لە ئەمریکا تۆمار کراوە[5]. هەروەها لەنێو ئەو کۆمپانیایانەی بەر هێرشەکان کەوتوون، هەیانە عێراقی و ناوخۆییە[6]، ئەوانەیشیان کە بیانین، وەبەرهێن و کرێکار و ستافەکانی هەر عێراقین.

### هێرشبەران کارمەندی ئەمنی بوون

بەهۆی ئەوەی هێرشەکان کتوپڕ و بێپێشەکی بوون، بوونە هۆی کەوتنەوەی زیانی ماددی و دروستکردنی ترس و تۆق لای کڕیارەکان و خەڵکی ئەو شەقامانەی کە کرانە ئامانج؛ بە دوای ئەوەیشدا حکوومەت بەخێرایی کەوتە گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئەمنی و بڵاوکردنەوەی هێز بۆ پاراستنیان. بەپێی ڕاگەیەنراوی وەزارەتی ناوخۆش؛ لە ئۆپەراسیۆنێکدا بۆ ڕاوەدوونانی هێرشبەران 3 کەس بریندار بوون و 12 کەسیش لە

هێرشبەرەکان گیراون کە بە "دەرچوو لە یاسا" پۆلێن کراون؛ بە شێوەیەکی فەرمییش دۆسیەی تیرۆریان ڕووبەڕوو کراوەتەوە بەپێی ماددەی 4ی یاسای بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر.

هەر وەزارەتی ناوخۆ ئەوەیشی ئاشکرا کردووە لە سەروبەندی لێکۆڵینەوەکاندا دەرکەوتووە لەنێو هێرشبەراندا "کارمەندی سەر بە یەکێک لە دەزگە ئەمنییەکان" هەن، بەبێ ناوبردن و ئاماژەکردن بە باکگراوندیان[7]. ئەمەیش لە میکانیزمی کاری وەزارەتی ناوخۆی عێراقدا تا ڕاددەیەك باوە؛ بەو پێیەی دەوڵەت ناتوانێت ڕووبەڕووی هێزە هێرشبەرەکان ببێتەوە، چونکە زۆر جار ئەگەرچی دژی دەوڵەتیش کار دەکەن، بەڵام لەناو دەوڵەتدا قووڵایی و پشتیان هەیە، بەتایبەت کە لەم هێرشانەی دواییدا چەند شرۆڤەکار و کەسایەتییەك لە میدیا جۆربەجۆرەکانی عێراقەوە دەرکەوتن و هێرشەکانیان پەیوەست کردەوە بە پەرچەکرداری دژ بە سیاسەتی پشتیوانیی ڕەهای ئەمریکا لە ئیسرائیل؛ هەروەها چواندیان بە خۆپیشاندانەکانی لەندەن و زانکۆکانی ئەمریکا لە دژی جەنگی غەززە[8].

لە دەرەوەی گێڕانەوە فەرمییەکانی حکوومەتیش، لایەنێکی نوێ کە ناوی خۆی ناوە "گەنجانی شۆڕشگێڕی قودس"، ناڕاستەوخۆ چووەتە پشت هێرشەکان. گرووپە نەناسراوەکە، باڵیۆزخانەی ئەمریکا بەوە تۆمەتبار دەکات کە فەرمانی ئاراستەی هێزە ئەمنییەکانی عێراق کردووە، بۆ ئەوەی فیشەک ئاراستەی هێرشبەرانی سەر لقی خواردنگە ئەمریکییەکان بکەن. ئەم گرووپەیش کە باوەڕ وایە سەر بە هێزە وەلائییەکانی شوێنکەوتەی ئێران بێت، هۆشداریی ئەوەیش دەدات بە حکوومەتی عێراق، "پێویستە بزانێت، بڕیاری ئەوان کۆتاییهێنانە بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا-ئیسرائیل لەسەر خاکی عێراق"؛ هەروەها جەخت لەوە دەکاتەوە ئەوان ڕێگە نادەن خاکی عێراق ببێتە پرۆژەی وەبەرهێنان بۆ پرچەککردنی ئیسرائیل[9].

شێوازی کاری ئەم لایەنەیش نزيك و هاوشێوەی کارکردنی گرووپی پێشووی "ربع الله"یە کە لە سەردەمی حکوومەتی کازمی (2020_2022) هێرشیان دەکردە سەر بازاڕ و نووسینگەی میدیاکان؛ دواتریش چەند بەڵگەیەك دەرکەوتن کە گرووپی "ربع الله" لقێکی "کەتیبەکانی حزبوڵڵا"ن و کاری گرووپەکەیش ڕێپێوان بوو لە بەغدا و، هەڕەشەیان لە سەرۆکوەزیران و بەرپرسە باڵاکانی ئەمنییش دەکرد[10].

**پاڵنەری هێرشەکان و باکگراوندی هێرشبەران**

هەرچەندە لە پاش هێرشی 7ی ئۆکتۆبەری حەماسەوە بۆ سەر ئیسرائیل و هێرشی ئەو وڵاتەیش بۆ سەر غەززە، بەئامانجگرتنی بەرژەوەندییە ڕۆژاواییەکان لە ناوچەکە، بووەتە شتێکی باو بۆ پشتگیریکردن لە فەڵەستینییەکان، بەڵام لەم پێشهاتەی عێراقدا، ئامانجەکە تەنیا پشتیوانیی غەززە نییە و هەندێك وردەکاری و هاوکێشەی نێوخۆیی هەن کە جێگەی هەڵوێستەکردنن، لەوانەیش:

_ هێرشەکان هاوکات بوون لەگەڵ بانگەوازی بەرپرسێکی کەتیبەکانی حزبوڵڵای عێراق (ئەبو عەلی عەسکەری) بۆ دەرکردنی کۆمپانیا و براندە ئەمریکییەکان[11]. بەرپرسەکەی حزبوڵڵا داوای هێرشکردنە سەر هێزە ئەمنییەکانی عێراقیش کرد بەهۆی ئەوەی بەرەنگاری هێرشبەران بوونەوە بە پاساوی ئەوەی "پاشکۆی داگیرکەرن". نەك هەر ئەوە بەڵکوو داوای ئەوەیشی کرد چاودێریی جووڵەی باڵیۆزەکان بکرێت لە پارێزگاکان[12]؛ ئەمەیش ئاماژەیە بۆ بێزاریی ئەم هێزە لە سەردان و جموجۆڵەکانی باڵیۆزی سعوودیا "عەبدولعەزیز شەممەڕی" لە نەجەف و کەربەلا و گفتوگۆکردنی ڕاستەوخۆی لەگەڵ هەندێك لە مەرجەع و ڕێبەرە ئایینییەکانی حەوزەی شیعە لەم دوو شارە پیرۆزە.

_ دەشێت ئەم هێرشانە بۆ هێشتنەوەی جەماوەری گرووپە چەکدارەکان بێت لە حاڵەتی جۆش و خرۆشدا؛ ئەمەیش پاش ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا کەوتنە حاڵەتی خامۆشی، بەهۆی درێژەکێشانی جەنگی غەززە و تاقیکردنەوەی بێهوودەی سەرجەم بژاردەکان، لەوانەیش هاویشتنی مووشەك و درۆن بۆ سەر بنکە ئەمریکییەکان.

_ بۆچوونێکی تر هەیە پێی وایە هێرشەکان لێدانن لە پرۆژەی سیاسی و حوکمڕانیی سوودانی، کە لە گۆڕەپانی هەڵمەتی پێشوەختەی هەڵبژاردنی داهاتوودا دەستی کردووە بە ڕکابەریکردن لەگەڵ سەرکردە سیاسییەکانی گرووپە چەکدارەکان[13].

_ ماوەیەك بەر لە ئێستا موقتەدا سەدر داوای "دەرکردنی باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق"ی کرد، بە پاساوی ئەوەی پاڵپشتی ئیسرائیلی پاوانخوازە، بەڵام بە شێوازی "دیپلۆماسی و ڕێکخراو و بەبێ هیچ خوێنڕشتنێک"[14]. ئەم هەنگاوەی سەدریش هەر لە چوارچێوەی کێبرکێکانی ناوخۆی شیعەیە بۆ خۆدەرخستن بە پاڵپشتیی فەڵەستین؛ ڕکابەرەکانیشی هان دەدات سەقفی چالاکی و جموجۆڵییان بەرزتر بکەنەوە، لەنێویشیاندا دروستکردنی گرژیی ئەمنی.

_ کێبرکێ و ململانێی نێوخۆییی هێزە شیعەکانی نێو چوارچێوەی هەماهەنگی، بەدوور نییە لەم جۆرە گرژییانە، چونکە ئەم چوارچێوەیە ئەگەرچی لە ڕواڵەتدا یەکگرتووە، بەڵام بەپێی پۆلێنەکان لە ناواخندا بەسەر جەمسەرەکانی توندڕەو و پراگماتی و کراوەدا دابەش دەبن[15]. ئەم ڕکابەرییانەیش نزیک لە هەڵبژاردن، گەرمتر و فراوانتر دەبن، بەتایبەت خۆنمایشکردنی باڵە چەکدارەکان بەسەر لایەنە سیاسییەکاندا. بەهۆی ئەوەیشی هیچ لایەنێکی شیعی باڵادەست نییە بەسەر دۆخی ئەمنی، دەرفەتی مانۆڕ و خۆنواندن بۆ گرووپە چەکدارەکان زیاترە.

_ هەندێك زانیاریی تر هەن باس لەوە دەکەن، گرووپێکی چەکدار ویستوویەتی دەرفەتێکی "ناوازە"ی وەبەرهێنان لە بەغدا دەست بخات، بەڵام سەرۆکوەزیران سوودانی، ڕەتی کردۆتەوە و داویەتی بە لایەنێکی تر؛ ئەوانیش لە پەرچەکرداردا بۆ ئیحراجکردنی سوودانی ئەو هێرشانەیان لە بەغدا کردووە[16]. ئەم لێکدانەوەیەیش هەندێك ئاماژەی پشتیوانیی هەیە، لەوانەیش هێرشەکان تەنیا پەیوەست نەبوون بە براند و مارکە ئەمریکییەکان، بەڵکوو کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنانی ماستی نێوخۆییی گرتەوە ( کارگەی ماستی کانون)[17].

_ دەشێت کێبرکێی ئابووری، هۆکاری ئەو هێرشانە بن؛ بەو پێیەی ململانێیەکی توندی نێوان گرووپەکان بۆ قازانجکردن لەو پڕۆژانە هەیە؛ قازانجەکەیش لە ڕێگەی ناچارکردنی خاوەن پڕۆژەکانە بە هاوپشکی یان سەرانەدان. ئەم ئەزموونەیش لە مەیخانە و یانە شەوانەکانی بەغدا زەقە، کە بەپێی لێکگەیشتن و پارەدان بە گرووپی چەکدار کار دەکەن[18].

_ هەندێك لایەنی "مەدەنی"ی نێو پەرلەمان، پێیان وایە جگە لە لایەنی نێوخۆیی، لایەنی دەرەکییش هەن هاندەری هێرشەکانی سەر شوێنکارە بیانییەکانی عێراقن و "دەیانەوێت ئاسایش و سەقامگیریی بەغدا تێک بدەن"[19]. ئەمەیش ئاماژەیە بۆ بەرەی "موقاوەمە" کە تاران سەرۆکایەتیی دەکات و لە بەرەی یەمەن و لوبنانیشەوە هەوڵ دەدات لە ڕێگەی گرژییەوە، لە جەنگ لەگەڵ ئیسرائیلدا پشتیوانیی غەززە بکات.

_ دەشێت ئێرانییەکان خۆشحاڵ بن بەم هێرشانە و، لە ڕێگەی ئەوەوە پەیامی ئەوە بدەنە ئەمریکییەکان کە لە شەقامی عێراقیدا بێزراون. ئەوەیشی پشتیوانیی ئەم لێکدانەوەیە دەکات ڕێکخراویی هێرشەکانن کە بە ئۆتۆمبێلی جۆری تاهۆ ئەنجام دراون و هێرشبەران لە ڕووی تفاق و لۆجستییەوە پۆشتە و پەرداخن.

**لێکەوتەی هێرشەکان**

ئەنجامدەرانی هێرشی سەر براند و مارکێتە ئەمریکییەکان هەر کەس و لایەنێك یان هەر هاندەرێکی لەپشت بێت، ئەنجام و لێکەوتەکان تا ڕاددەیەکی زۆر هاوشێوەن و، دەکرێت بەم جۆرە ئاماژەیان بۆ بکرێت:

_ پیشاندانی لاوازیی حکوومەت کە بەفەرمی ناتوانێت ئەنجامدەرانی ڕاستەقینە و هاندەرەکانی هێرشەکان ئاشکرا بکات و بەهۆی ئەوەی لەنێو دەوڵەتی عێراقدا پێگەیان هەیە، دەیشتوانن بەئاسانی لە سزا دەرباز بن.

_ ڕووگیرکردن (ئیحراجکردن)ی سوودانی بەرامبەر ئەمریکا و وڵاتانی ئەوروپا؛ بەتایبەت کە باڵیۆزخانەی ئەمریکا وێڕای ئیدانەکردنی توندی هێرشەکان، داوای لە حکوومەتی عێراق کرد سەرباری لێکۆڵینەوە، "بەرپرسانی ئەو هێرشانە بگەیەننە دادگە و ڕێگری لە هەر هێرشێکی تر بکات لە داهاتوودا"[20].

_ هێرشەکان وێنەیەکی نەرێنی و خراپیش لەسەر کەشی وەبەرهێنان لە عێراقدا لە دنیای دەرەوە دروست دەکات. ئەمەیش بەڕوونی لە بەیاننامەی باڵیۆزخانەی ئەمریکادا هاتووە کە باس لەوە دەکات لێکەوتەی هێرشەکان لاوازکردنی توانای عێراقە لە "ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی". ئەمە لە کاتێکدا وەبەرهێنان یەکێکە لە بەرنامەکانی حکوومەتی سوودانی بۆ بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووریی عێراق، بەتایبەت لەگەڵ کۆمپانیا ئەمریکییەکان لە کەرتی وزە و گازی سروشتی، بەتایبەت کە عێراق گرێبەستی کردووە.

_ دەشێت هێرشبەرەکان بیانەوێت دەستکەوتەکانی سەردانی ئەم دواییەی سوودانی بۆ ئەمریکا پووچەڵ بکەنەوە، بەتایبەت کە سوودانی بانگهێشتی کۆمپانیا ئەمریکییەکانی کردووە، بێن لە عێراق وەبەرهێنان بکەن.

_ ئەم هێرشانەیش لە کاتێکدایە عێراق بەنیازە "ڕێگەی گەشەپێدان" لە بەسرەوە تا تورکیا جێبەجێ بکات و وڵاتانی کەنداو بە ئەوروپاوە گرێ بدات. لەم ڕووەیشەوە دەکرێت هێرشەکان هەڵگری پەیامێکی نەرێنی بن و گرووپەکان بیانەوێت لەم ڕێگەیەوە توانا و ئامادەییی خۆیان پیشان بدەن بۆ هێرشی هاوشێوە هەر کات و ساتێك بڕیار بدەن.

**پوختە**

بەئامانجگرتنی شوێنکار و کۆمپانیا ئەمریکی و بریتانییەکانیان لە بەغدا، بەشێکە لە لێکەوتەکانی جەنگی غەززە و دەچێتە چوارچێوەی قۆستنەوەی ئەم ڕووداوە بۆ گەیاندنی مەسێجی تایبەت و تەسفیەکردنی حسابی لابەلا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە عێراق لەلایەن بەرەی ئێرانییەوە. ئەنجامدەرانی ئەم گرووپە کەڵك لە پەیکەری شلۆق و لەرزۆکی حکوومەتی عێراق وەردەگرن و دەیانەوێت سەرۆکوەزیرانی ئێستا؛ محەمەد شیاع سوودانی، بێدەسەڵات پیشان بدەن و لە هەمان کاتیشدا باسکی هێزی خۆیان نمایش بکەن. هێرشەکان لێکەوتەی خراپیان دەبێت لەسەر وێنەی دۆخی عێراق لە بواری وەبەرهێنان لەسەر ئاستی دەرەوە، هەروەها دەشێت لە کەرتی وزە و "ڕێگەی گەشەپێدان"یشدا پێشهاتی هاوشێوە دووبارە ببنەوە،

بەتایبەت کە ماوەیەکە سعوودیا لە باشووری عێراق لە جموجۆڵدایە و، ئەگەر هەیە هەوڵ بدات پرۆژەی وەبەرهێنان وەرگرێت.


[1] https://bit.ly/3wVwTHP

[2] https://bit.ly/4eoUz8r

[3] https://bit.ly/3yXIg2k

[4] https://bit.ly/3x44cbG 

https://bit.ly/3V6kDvS

[5] https://bit.ly/3yN6a0H

[6] https://bit.ly/4c5TCzI

[7] https://bit.ly/4eoUz8r

[8] https://bit.ly/3Rdf0v2 

https://bit.ly/3RgVxcE

https://bit.ly/3RjMF69

[9] https://bit.ly/3Vvx4Tt

[10] https://bit.ly/45gNjXG

[11] https://bit.ly/4bQDC54

[12] https://bit.ly/4bQDC54

[13] https://bit.ly/3x9IpPR

[14] https://bit.ly/3VdOFhr

[15] https://bit.ly/3VvrsZu

[16] https://bit.ly/4bEhf2x

[17] https://bit.ly/4c5TCzI

https://bit.ly/3x5m5Xw [18]

https://bit.ly/3yRva6X [19]

https://bit.ly/3Ktlke5 [20]